# حوکمی نوێژی مردوو وچۆنیەتی ئەنجامدانی

[ kurdish – کوردی – كردي ]

**دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حكم صلاة الميت وصفتها

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حوكمی نوێژی مردوو وچۆنیەتی ئەنجامدانی

**پرسیار** : ئایا حوكمی نوێژی مردووه چیه ؟ وه به چ شێوەیەك ئەنجام دەدرێت؟ خوای گەوره پاداشتی خێرتان بداتەوه .

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەوره ومیهرەبان، وه درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایه .

خوای گەوره بۆیه نوێژی مردوو داناوه وەك ڕێزێك بێت كه له ڕۆحی موسڵمانان دەگیرێت، ئەو موسڵمانانەی كه له ماڵی كاروكردەوەی دونیاوه كۆچ دەكەن بۆ ماڵی لێپرسینەوه و پاداشت دانەوه، نوێژی مردوو شەعیرەیەكی گەورەیه خوای گەوره وەك منەتێك دایناوه بەسەر بەندەكانیەوه، كه بەڵگەی خۆشەویستی نێوانیان بێت، چونكه بەرزترین نموونەی برایەتیه لەنێوان موسڵماناندا، چونكه باوەڕدار لەپاش مله نزای خێر دەكات بۆ برا باوەڕدارەكەی، لەگەڵ ئەوەشدا شوێن تەرمەكەی دەكەوێت هەتاوەكو بەخاكی دەسپێرێت، ئەمەش بەهێزترین مانای پەیوەندیه ئاینیه لەنێوان موسڵماناندا، ئای چەند شەعیرەیەكی

گەورە و بەنرخە مرۆڤ ڕێزی خۆی تێدا دەبینێتەوە، لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە کە بەزەیی بێتەوە بە تەواوی مردووی موسڵماناندا .

**حوکمی نوێژی مردوو :**

حوکمی نوێژی مردوو فەرزی کفایەیە، ئەگەر هاتوو هەندێك لە موسڵمانان پێی هەستان ئەوا لەسەر ئەوانی تر دەکەوێت، چونکە بە پێی فەرموودە و کاروکردەوەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەمە سەلماوە .

**مەرجەکانی نوێژی مردوو**

ئەو شتانەی مەرجن بۆ نوێژەکانی فەرزەکانی تر بۆ نوێژی مردوویش بە مەرج گیراوە، هەر لە مەرجی نیەت، و تەکلیف، و ڕووکردنە قیبلە، و دەست نوێژ، و داپۆشینی عەوەرت، و پاکوخاوێنی جلوبەرگ، و جەستە، و جێگە، لەگەڵ مەرجی موسڵمانیەتی ئەو کەسەی کە نوێژەکە ئەنجام دەدات .

هەروەها لە مەرجەکانی نوێژی مردوو ئەوەیشە دەبێت مردووەکە موسڵمان بێت، وشۆرابێت، و ئامادە کرا بێت لەبەردەم ئەو کەسانەی کە نوێژەکەی لەسەر دەکەن، ئەگەر هاتوو مردووەکە لەو شارە مردبوو کە نویژەکەیان لەسەر دەکرد .

**ڕوکنەکانی نوێژی مردوو :**

¥) وەستان بە پێوە ئەگەر توانای وەستانی هەبوو .

٢) چوار تەکبیرە لێدان (واتا : چوار جار الله أکبر کردن) .

٣) خوێندنی سورەتی (الفاتحة) پاش (الله أکبر) ی یەکەم .

٤) صەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) پاش (الله أکبر) ی دووەم .

٥) نزا و پاڕانەوە بۆ مردووەکە پاش (الله أکبر) ی سێهەم .

٦) ئەنجامدانی یەك لەدوای یەکی ڕوکنەکان .

٧) سەلام دانەوە پاش (الله أکبر) ی چوارەم .

**پێنجەم : چۆنیەتی کردنی نوێژی مردوو :**

ئیمام لەلای سەری مردووەکەوە دەوەستێت ئەگەر هاتوو مردووەکە (نێر، پیاو) بوو، وە لەلای سەریەوە دەوەستێت ئەگەر هاتوو (مێ، ئافرەت) بوو، ئەمجا نوێژ خوێنەکانی تر لەپشت ئیمامەوە دەوەستن، لە پاشاندا (اللە أکبر) ی یەکەم دەکات و دواتر سورەتی (الفاتحة) دەخوێنێت، ئەمجا (اللە أکبر) ی دووەم دەکات وصەڵاوات لەسەر پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) لێ دەدات، وەك صەڵاواتی تەحیاتی دوەمی نوێژ کە بڵێت : « اللّٰهُمَّ صلِّ علی محمد وعلی آل محمد كما صليت علی إبراهيم وعلی آل إبراهيم إنك حميد مجيد ..... » پاشان (اللە أکبر) ی سێهەم لێ دەدات و نزای خێر بۆ مردووەکە، و بۆ خۆی، و دایك وباوکی، و سەرجەم موسڵمانان دەکات، ئەمجا (اللە أکبر) ی چوارەم دەکات و کەمێك دەوەستێت و سەلام بەلای ڕاستیدا دەداتەوە .

خوای گەورەش زاناترە .